## رونکردنەوەیەک لە زانا رۆستایی یەوە، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان

هەندی رۆژنامە و ئاژانسەکانی هەواڵ و سایتی کوردستان نێت بەناوی منەوە بڵاویان کردۆتەوە کە گوایە من فەتوام دابێت بە کوشتنی –خاوەنی کتێبی بەدناوی (سێکس و ژن و شەرع) من لە کاتێکدا ئەو بێڕێزییەی ناوبراو بەرامبەر بە پیرۆزییەکانی گەلەکەمان مەحکوم و ریسوا دەکەم لە هەمان کاتدا رایدەگەیەنم کە بە هیچ جۆرێك فەتواو قسەی وام نەکردووە باس لە کوشتنی ناوبراو بکەم و تاکە رێگەیەك کەمن بە رەوای دەبینم بۆ تەمبی کردنی ئەو حوکمی یاساو دادگایی کردنیەتی بە پیی یاسای چاپەمەنیەکان لە هەرێمی کوردستان، منیش یاساناس و پارێزەرم و موفتی نیمە و کەس من بە موفتی نازانی، هەروەها کۆمەڵی ئیسلامییش لایەنێکی فەتوادەر نییەو هیچ فەتوایەکی لەو بارەیەوە نەداوە بەڵکو رێپێوانی ساز کردوەو یاداشتنامەی داوەتە پەرلەمانی کوردستان و نارەزایی دەربڕیوە...

زانا سعید رۆستایی
ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان
٢٠٠٦/٢/١٥